عێراق جەخت لە چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ دەکاتەوە

ئەمڕۆ چوارشەممە، فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری دەرەوە جەختی لە پابەندبوونی حکومەتی عێراقی بۆ چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی پابەندبوونی بە یاسا پەیوەندیدارەکان کردەوە.

وەزارەتەکە لە بەیاننامەیەکدا رایگەیاند: فوئاد حسێن جێگری سەرۆك وەزیران و وەزیری کاروباری دەرەوە پێشوازی لە سەرۆکی نوێنەرایەتی لیژنەی نەتەوەیی خاچی سوور لە عێراق ئیختیار ئەسلانۆڤ کرد.

ئاماژەی بەوەشکراوە: لە میانی کۆبوونەوەکەدا، ڕێگاکانی بەرزکردنەوەی هاوکارییەکانی نێوان وەزارەتی دەرەوە و نوێنەرایەتی مانگی سوور گفتوگۆیان لەسەر کرا، کە بەشداربوون لە پاڵپشتیکردنی هەوڵە مرۆییەکان و هەماهەنگیکردنی کردەوەی هاوبەش لە ناوخۆی عێراقدا.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، وەزیری دەرەوە تەئکیدیکردەوە: لەسەر پابەندبوونی حکومەتی عێراق بە چەسپاندنی بنەماکانی مافی مرۆڤ و بەهێزکردنی پابەندبوونی خۆی بە یاسا و ستانداردە نێودەوڵەتییە پەیوەندیدارەکان، و هەروەها ستایشی ئەو ڕۆڵە گرنگەی کرد کە نوێنەرایەتی مانگی سوور لە پێشکەشکردنی پاڵپشتی مرۆیی لە ناوخۆی عێراقدا بینیویەتی.